وتار

# گەشتێک بەنێو شاکارەکانی ئەلبیرکامۆدا

عەبدولڕەحمان فەرهادی

ئەلبیرکامۆ لەرۆژی (٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٣) لەشاری (موندۆ)ی جەزایری لەدایک بووە. لۆسیان کامۆی باوکی لەخێزانێکی زاسییەوەیە کە کرێکاری یەکێ لەکارگەکانی خواردنەوە بووە لەدەوروبەری شاری ستراسبۆرگ کە دوای ساڵێ بە لەدایک بوونی (ئەلبیر)ی کوڕی، بەهۆی زامداربوونی لەجەنگی مادن، کۆچی دوایی کردووە. دایکی ئەلبیر ئیسپانی بووە و خوێندنەوە و نووسینی نەزانیوە، دوای ئەوە بەبێوەژنی بۆ بەخێوکردنی ڕۆڵەکەی لە یەکێ لەگەڕەکە میللییەکان دەستی بەکارەکەری کردووە، بۆیە ئەلبێر لە کەش و سروتێکی پڕ لە یاخی بوون و کولە مەرگی پەروەردە بووە.



ئەلبێر کامۆ

ئەلبیرکامۆ فەیلەسوفی بێ هودەیی و بێ

هوده له فەلسەفەو لۆجیک بەردەوام و بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەگەڵ گۆڕانکارییە ژیارییەکانی فیکری جیهانی دابووە. وەک میلی سەعات لە چوارڕییانی نێوان سیاسەت و ئایین و ڕەوشت و خەوندا گیرساوەتەوە. خاوەنی گەلێ شاکاری گەورەی وەک (نامۆ) و (ئەفسانەی سیزیف) و (تاعون) و (کەوتن)ە، کە بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لێ فرۆشراوە. زمانی نووسینی ئەم بەرهەمانە زۆر بەساکاری و قوڵییەکی منداڵانە داڕێژراوە و تیایاندا درۆو دووڕوویی و مادەلایی و ماسک و فەسادی ویژدان فەزح کراوە و جەخت لەسەر دابین و سەقامگیر کردنی ئاشتی و دادپەروەری و خێرو مرۆڤایەتی کراوە.

کامۆ وێستگەیەکی گرنگی زەمەنی فیکرییە و لەسەردەمانی مەترسی و ئاڵۆزییەکانی شارستانێتیی فەرەنساییدا هەوڵی پاراستنی ویژدان و بنیادنانی دوا ڕۆژی داوە. وشەکانی وەک ئاوێنە ساف و لووسن، لە هەروایییەکی ئاوریشمینی چەشنی جەستەی ژن، لە شێوەی سیحر و ئاڵۆزکاری و دەنگێکی زوڵاڵ بەرهەمەکانی پێشکەش کردووە.

کامۆ لەسەردەمانی گەنجێتیدا، ئەو کاتانەی خەریکی خوێندکاریی فەلسەفە بووە لە زانکۆی جەزایر، بۆ بژێویی خۆی کەلوپەلی ئۆتۆمبێلی دەفرۆشت، دوای ئەوە لە یەکێ لە کۆمپانیاکانی جەزائیری پایتەخت بوو بەنووسەری ئیداری لەساڵی (١٩٣٥)ەوە دەستی بەچیرۆک نووسین کرد و پاشان بنکەی شانۆکاری دامەزراند و یەکەم شانۆگەریی بەناوی (یاخی بوونێک لە ئەستۆریا) داناو لەتیپی شانۆگەریی سەر بە ئیزگەی جەزایریش نمایشی شانۆگەریی دەکرد. هەروەها لە ڕۆژنامەی (جەزایری کۆماری) و (ئێوارە)ی فەرەنسایی کاری ڕۆژنامەوانی کردووە.

کامۆ بەهۆی نالەباری تەندروستی نەیتوانی بەشداری لە ئەزموونەکانی خوێندنی فەلسەفە بکات ئەگەرچی وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕێ و بەهۆیەوە گەلێ کارو فەرمانی لەدەوڵەت وەردەگرت لەساڵی (١٩٣٨)دا دووەم شانۆگەریی بەناوی (کالیگۆلا) نووسی، ئەم شانۆنامەیە کە بەناوی پاڵەوانەکەی (کالیگۆلا) کراوە کە یەکێکە لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانیاو لەو باوەڕەدایە هونەرو فەلسەفەو ئاین و خۆشەویستی ژان ڕەوێنەوەی مرۆڤن، بەڵام کالیگۆلا کاتێ دۆرسۆلای خوشکە خۆشەویستەکەی دەمرێ.

بیری دادەڕۆشێ، بۆیە مەرگ دەنرخێنێ و لە دەروونی خۆیدا قووڵ دەبێتەوەو هەست بەزامی تەنیایی دەکات و هاوار دەکات (لام وادەردەکەوێ شتەکان بۆ من بەس نین، پێشتر

ئەمەم نەدەزانیّ، ئێستا کەوتوومەتە نێو ئەپستیمێکی نوێوە کە دنیا بەم واقیعەی ئێستای بەرگەی ناگریّ. من پێویستیم بەشتێکە بارتەقای قەبارەی مانگ و، خۆشی و نەمری، من پێویستیم بەشتێک هەیە وەک لەو کاتانەدا کامۆ یەکەم ئەزموونی نووسینی دەربارەی بیّ هوودەیی هێنایە گۆڕیّ، ئەویش شاکاری (ئەفسانەی سیزیف) بوو. ئەم بەرهەمە لەسەر هەمان هێڵی کالیگۆلا نووسراوە، بەڵام لەڕووی یاخی بوون لەواقیع زیاتر بە قووڵ داچووە و بەرگەی ڕەهەندێکی دوایینی تێدا بەدی دەکرا.

(سیزیف)ە ئەفسانە، مرۆڤێکە لەبێزەوەریی واقیعەکەی دڵشکاوو خەمگینە، بۆ دەرباز بوون لە ئازارەکانی ڕێگەی تەنیایی دەگرێتەبەر کە تاکە ڕێگەیە بەرەو ڕەها بوون، بەڵام دژە کردارەکانی ژیان و خودی خۆی ڕێگەی پیّ دەگریّ، بۆیە دەزیرێنیّ: (ئەو کاتانەی هەست بەنەبوونی دنیا دەکەین ئەوا لە بەردەمماندا خۆشییەکی میتافیزیکی دەبینریّ، بۆیە ئەگەر بێو چەندین کتێب دەربارەی خۆشی و دڵگیری نەنووسین، ئەوا ناتوانین دوژمنەکانی خۆمان دەستنیشان بکەین...) سەرباری ئەوەش لەلایەکی دیکەوە دەربارەی باوەڕی بەژیان لەنێو هەست و نەستیدا دەبێژیّ: (مرۆڤی بیّ هوودە کێیە؟ ئەو کەسەیە هەموو ئەو کارانە ڕەت دەکاتەوە کە دەیانکا، ئەمەش واناگەیەنیّ کەوا ئەو کەسە لە سۆزو خۆشەویستی بەدەرە، بەڵکو ئازایەتیی خۆی بەسەر هەمووی ئەو شتانەدا دەسەپێنیّ کە ڕووبەڕووی دەبنەوە).

لە ساڵی (١٩١٤)دا ئەلبیرکامۆ کە لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا بووە خاوەنی هەر سیّ بەرهەمی شانۆگەریی (کالیگۆلا)و ڕۆمانی (نامۆ)و باسێکی فەلسەفی بووە بەناوی (ئەفسانەی سیزیف). کە ئەم سیّ بەرهەمە لەڕووی حەبکەی درامی و ناوەخنی فەلسەفییانەدا لەیەکەوە نزیکن، بەڵکو دەتوانین لەخانەی یەکەمی بەرهەمەکانی کامۆدا پۆلینیان بکەین.

لە ڕۆمانی (نامۆ)دا کە پاڵەوانەکەی نێوی مەرسۆیەو فەرمانبەرێکە لە جەزایرو، مەرسۆ ناوی خوازراوی (کامۆ)یە، ئەو کاتەی کە ڕۆژنامەنووس و فەرمانبەر بووە لە جەزایرو خەریکی خوێندنی قۆناغی دواناوەندی و زانکۆ بووە.

ئەم ڕۆمانە بەم وشانە دەست پێدەکات: (ئەمڕۆ بوو دایکم مرد یا دوێنیّ، نازانم!). دوای ئەوە باسی قەڵەباڵغییەک دەکا دەربارەی چوونی مەرسۆ بۆ هەتیوخانەیەک کاتیّ دایکی دەمریّ و لەڕیّ و ڕەسمی ناشتنیدا ئامادە دەبیّ. هەستەکانی نووسەری ئەم ڕۆمانە لەم سەفەرەیدا گەلیّ ئاڵۆزیی تێدا دەبینریّ، بەڵام بیّ دەنگی و بۆشایی بیّ هوودەییە بەتاڵی دەکەنەوە.

مجێورەکە سەری لەوە سوڕدەمێنێ کەمەرسۆ بۆ دواجار نانۆڕێتە تەرمی دایکی، وەختێ لە گۆڕی دەنێن، ئەو ڕۆژەی ئاسمان ڕەنگی سووری دەڕوانی، ئەو بایەی کەلەو دەوروبەرە دەهات و دەچوو، بۆنی خوێی لێ دەهات. ئای کە ڕۆژێکی قەشەنگ بوو... کات بەسەرچوو و نەشچوومە سەرچیا، ئای چەندە خۆشدەبوو کە دایکم نەمردبووایە و سەرێکی ئەوێم دابا... ڕۆژی دواتر مەرسۆ دەگەڕێتەوە جەزایر و دەچێتە مەلوانگەیەک و لەوێ بە کچە تایپێستێک شاد دەبێ کە نێوی (ماری کاردۆڤا)یە.

(کاتێ جلەکانمان کردەوە بەر، ماری بەبینینم ئاشنا بوو، من ئەو کاتە کراسێکی یاخە ڕەشم پۆشی بوو، ئەویش دەربارەی ماتەمینم لێی پرسیم و کاتێ مەرگی دایکمی پرسی و منیش پێم گوت کەوا لە دوێنێوە پرسە بارم، ناچار ئەویش بێ دەنگ مایەوە. پاشان لەگەڵی چووە بینینی فلیمی فرنندل و لەوێوە بەرەو ماڵ بوونەوە.

مەرسۆ دەبێژێ: «کەڕابووم بینینم ماری لەوێ نەماوە و وای بۆ چووم کەوا چووبێتە ماڵی پووری» بیرم کردەوە کە ئەمڕۆ یەکشەممەیە کەمن پێی ئیزعاج دەبم، من حەز لەڕۆژانی یەکشەممە ناکەم، بۆیە لەنێو جێگاکەم خەریکی خۆ گەوزاندن بووم لەسەر سەرینەکە بەدوای ئەو بۆن و بەرامەدا دەگەڕام کە لەماری جێ مابوو. مەرسۆ بۆ ڕۆژی دواتر، دوای ئەنجامدانی کارەکانی نووسینگەکەی، تووشی یەکێ لە دراوسێکانی بوو، ئەویش سالا نامۆی بەسالاچوو بوو بەخۆی و سەگەکەیەوە، پاشتریش تووشی دراوسێیەکی دیکەی هات کە ڕیمۆن سێنتسی کورتە بالا بوو. ڕیمۆن گەواد پیشە بوو و یەکسەر بۆ چێشت خواردن داوەتی کرد «وابزانم ئەمەی بۆ ئەوە بوو کە لەکێشەی ئامادەکردنی خۆراک ڕزگاری بێ» ڕیمۆن سێنتس ڕای مەرسۆی بۆ کێشەیەکی تایبەت وەرگرت، ئەویش پابەند بوونی بوو کە ئەوی پشت گوێ خستووە، دەیووست مەرسۆ لەم بارەیەوە بۆی بدوێ و فێری کاری باشی بکات، ئەویش نووسینی نامەیەکی خۆشهاتن و دڵسۆزی نواندن بوو. ڕیمۆن داوای لە مەرسۆ کرد نامەیەکی بۆ بنووسێ.

ماریێ و مەرسۆ دەچوونە مەلەکردن و دەگەڕانەوە ماڵی ڕیمۆن «دوای ساتۆ بیرۆکە ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە ئایا خۆشی دەوێم؟! وەلامی دایەوە کە ئەم قسانە شتێ ناگەیەنن» هەر لەوساتانەدا هاتو هاوارێک کەوتە بەرگوێ کە لە ژوورەکەی ڕیمۆنەوە بوو «من و ماری هاتینە دەرەوە، هاتو هاوارەکە زیادی دەکرد، ماری هەر ئەوەندەی گوتی ئەمە شتێکی ترسناکەو، ڕیمۆن بەوە تاوانبار کرابوو کەزەبرو زەنگ بەرامبەر ژنی بەکاردێنێ و بۆتە هۆی زامدارکردنی، مەرسۆش ڕازی بوو بەوەی شایەدمانی بدات. (هەر هەمان ڕۆژ ڕیمۆن

لەنووسینگە بە تەلەفۆن پێوەندیی پێوە کردم و گوتی گروپێک لەگەنجان بەدوامەوەن، یەکێ لەوانە برای ئەو ژنەیە کە خراپی لێدا).

مەرسۆ شایەدی ئەوەیدا کە ژنەکە وادەی خۆی دەگەڵ ڕیمۆن بەجێ نەهێناوە. بەم جۆرە پۆلیس دەسبەرداری ڕیمۆن بوون. (کە لە فەرمانگە هاتمە دەرەوە چەند گەنجێکی عارەبم بینی پشتیان بەدیواری دوکانێکی جگەرەفرۆشی دابوو و بەبێ دەنگی تەماشایان کردم، بۆ مەلەکردن بەرەو کەنار دەریا ڕۆیشتین، یەکێ لەو گەنجانە هاتە لامان، (لەدواوەی کەنارەکەوە دوو عارەبی شین پۆشم بینی کە بەرەو ڕوومان دەهاتن).

تەماشایەکی ڕیمۆنم کرد، ئەویش پێی گوتم «ئەمە خۆیەتی» بەم جۆرە شەڕ دەستی پێ کرد… مەرسۆ بە تەنیا لەسەر لی قەراخ دەریاکە دەڕۆیشت، لەناکاو ڕووبەڕووی ئەو گەنجە عارەبە بۆوە کە چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو. (لەناکاو شتەکان لەدەوروبەرم کەوتنە لەرزین، دەریا شنە بایەکی توندی هەڵکرد، وام هەست کرد کەوا ئاسمان ڕووبەرەکانی خۆیم بۆ والا دەکات تاکو ئاگر وەک باران دابکات، هەموو جەستەم گرژ ببوو، هەستم کرد کەوا دەمانچەیەکم لەنێو مشتایەو تەقەی پێ دەکەم و جەستەی گەنجەکەی بەرامبەرم بە چوار گوللە پێکا، هەموو شتێ کۆتایی هات، ئەمە چوار لێدان بوو لەدەرگای ڕەشبینی). بەم جۆرە بەشی یەکەمی ڕۆمانی نامۆ کۆتایی پێ دێ… بەڵام بەشی دووەمی ڕۆمانەکە دەربارەی بەکۆتا هێنانی کێشەی زیندانی کردنی مەرسۆو داوای دادگا دەدوێ، دوای گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کەوا کوشتنی ئەم گەنجە عارەبە بەهۆی چوار گوللەو لەڕووداوێکی گەلێ دوور لە هەست و وەحشەتگەرانەدا بووە، کاتێ پارێزەر لێی پرسی: (وەختێ دەیویست خۆی وەک مرۆڤێکی ئاسایی نیشان بدات): ئایا تۆ دایکی خۆتت خۆش دەویست؟ ئەویش گوتێ: (بێگومان خۆشم دەویست، بەڵام ئەمە شتێ ناگەیەنێ، چونکە هەموو مرۆڤە سەر ڕاستەکانی دنیا بەهیوان مەرگی ئەوانە ببین کە خۆشیان دەوێن). هەموو هەستیان بەمەترسی کرد. قازی، پارێزەر، داواکاری گشتی، ئەم (نامۆ)یە وای کرد کەوا هەست بکەن لە سۆز شۆراون. دوای ئەوە مەرسۆ کەوتە بیرکردنەوە: (جەستەی خۆم لەڕق و کینەو خۆشی دابڕان، بەرامبەر ئەم شەوە، بەڕوانینی ئەستێرەکان، یەکەمجار بوو خودی خۆم بەرامبەر گوێ نەدان و بێ هوودەیی لە دنیادا بینییەوە)… هەموو تەماشای دەمی مەرسۆیان دەکردو ئەویش لەناخۆشیی زیندان و پەشیمان بوونەوەی لەو کارەی دەدوا… مەرسۆ ئەو کۆمەڵگایەی ڕەت دەکردەوە کە لەسەر درۆو دەلەسە بنیاد نرابێ، ئەو لەکەرنەڤاڵی ماسک و ئەدوارەکان (نامۆ)بوو و نەیدەویست وەک خەڵکانی تر ڕەفتار

بکات. بۆیە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا درا. (لەزیندان چێژم لە ئازادیی خۆم وەرگرت و توانیم هەست بەنیعمەتی ژیان و ئەودەنگانە بکەم کە لە کێڵگە دوورەکانەوە دەهاتنە گوێم، ئەو دەنگانەی پڕ بوون لە بۆنی شەوو خۆشیی ژیان کە لەنێوەندێکی گوێ نەدانە دنیا دەست لەملانێی مەرگیان دەکرد.

هەرچی ڕۆمانی (تاعون)ە، لەسەر هێڵی ڕۆمانەکەی پێشوو زیاتر بەرەو قووڵ بوونەوە چووە، دوور لەبێ هوودەیی و ڕەگەزپەرستی و نامۆیی. ئەگەر دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ملیۆن و نیوێک دانەیان لەڕۆمانی (نامۆ) فرۆشتبێ، ئەوا (تاعون) لەم ژمارەیەشی تێپەڕاند، چونکە ئەم شاکارە ڕەهەندێکی زۆرینەیی سەبارەت بە ژیانی نامۆیی تاکە کەس پێوە دیارە. ئەم ڕۆمانە دەربارەی پەتای تاعون دەدوێ کە چۆن مرۆڤ لە شارێکی وەک وەهران هەڵدەوەرێنێ، سەرەتای دەست پێ کردنی ڕۆمانەکە دەربارەی باری دەروونیی ئەو شارەیە، پاشان پەتاکە لەفیگەری داب و نەریت و دەستوورەکانە وە تەشەنە دەکات.

یەکەم جار مشکەکان بەر دەبنە یەکترو یەکتر دەکوژن. پاشان یەکەمین مرۆڤ سەردەنێتەوە، هەر مرۆڤ و مرۆڤ دەمرن. دەسەڵاتداران حەزناکەن دان بە بوونی نەخۆشییەکەدا بنێن لەوڵاتەکەیاندا. پاشان کار لەوە دەترازێ و شارەکە دەکەوێتە ژێر چاودێریی تەندروستی... ئەلبیرکامۆ دوای ئەم ڕۆمانە، (کەوتن)ی نووسی، بەر لەوەی لە هاوینی (١٩٦٠)دا لەشەو مەستییەکی تۆفاندا لەکاتی گەڕانەوەیدا بکەوێ و سەربنێتەوە.

× شەومەستی: سهرە

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم باسە سوود لەو بەرهەمانەی ئەلبیرکامۆ وەرگێڕاون کە لەم نووسینەدا ناویان هاتووە.